

# خەمی سبەی

فروغی فەڕوخزاد
لە فارسییەوە: خالید فاتیحی
(ڕانیە)

لەبەر ڕووناکایی ئەو گڕە سوورەی کە لە سۆپاکەوە بڵێسەی دەدا، پیاوە گەنجەکە بەسەر جەستەی ئەودا نووشتابوەوە. سێبەرەکەیان کەوتبووە سەر دیوارەکەی بەرانبەر و لە سەرووی سێبەرەکانەوە لە چوارچێوەیەکی زێڕیندا وێنەی مریەمی پیرۆز بە چاوە ماندوو و زەردەخەنە پاکیزەییەکەی لەو دیمەنەی دەڕوانی.

«کەوایە سبەی دەڕۆی؟»

کچە سەری لەسەر دەسکی کورسییەکە هەڵێناو قژی بەسەر شان و ملیدا بڵاوکردەوە، ناسک و ئەسمەر بوو، چاوی گەورە و لێوی ئاوسا بوون، هەڵداوپێدای ڕووناکییەکە پۆزایی کوڵم و چاڵی لێو و لووتی لەسەر سێبەرێکی ڕووناک و دڵگیری دەرخستبوو. لەژێر پێڵووە نیوە کراوەکانییەوە لە پیاوەی دەڕوانی، کە بە چاوە نیگەران و پڕ لە چاوەڕوانییەکانییەوە لە دەمی ڕامابوو. هەوڵی دەدا تا وێنەی ئەو چاوانە بۆ هەمیشە لە هزریدا هەڵبگرێ. ئەو چاوانەی کە دەتگوت لێوڕێژن لە پرسیاری نەگوتراو. ئەو چاوانەی لە دۆخی چاوەڕوانی و نیگەرانیدا لێیان دەڕوانی. سەری وەرسوڕاند و لەکاتێکدا یاری بە قژەکانی دەکرد لەسەرەخۆ گوتی:

«دەزانی کە ناچارم، ئەگەر بێجگە لەمە بوایە، هەرگیز نەدەڕۆیشتم، بەڵام دوو مانگ هیچ نییە، هەر زوو تەواو دەبێت.»

بە بێزارییەوە پێکەنی. لە چاوترووکانێکدا ... دوایی...

لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە: ئەدی دوایی؟ دوایی بۆ هەمیشە لەوێ دەمێنێتەوە. برا بچووکەکانت...

ئەوان پێویستیان بە تۆیە، دەبێ بەخێویان بکەی، تۆ ئیتر هیی خۆت نی.

دایکی وەبیر هاتەوە، ئەو ئێستا لەم دنیایە نەماوە.

«ژیان گاڵتەجاڕییە.»

دەنگی پێکەنینی تووڕەییەکەی لە ژوورەکەدا دەگەڕێ.

«لە چاوترووکانێکدا... دواییش...»

کابرا چووە لای، سەری خستە ناو کۆشی. لە دەرێ بای دەهات، لکی دار سنەوبەرەکە لە پەنجەرەکەی دەدا. هەوایەکەی زۆر سارد بوو، پیاوەکە گوتی:

«فرمێسکەکانی خوداش بەستوونی.»

کچە پەنجەکانی دەستی بەسەر قژیدا هێنا، کاتێک سەری وەکۆشی کرد، هەستی بە ئارامی کرد.

«چەندە خۆشە مرۆڤ عاشق بێت.»

لە ڕۆژێکی خۆرەتاودا، لە کەنار دەریاچە یەکتریمان ناسیبوو. کچە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوو، کابرا وێنای جۆراوجۆری هەبوو، دەربارەی سەرزەمینی ڕۆژهەڵات، کاتێکیش تەماشای چاوەکانی دەکرد هەموو ئەو ئەفسانە ڕەنگاوڕەنگ و بۆنخۆشانەی لە تاریکی ڕەمزئامێزی چاوەکانیدا بەدی دەکرد. دووەم جار لە کتێبخانەی زانکۆ تووشی یەک بوون. هەردووک بەدوای کتێبێکدا دەگەڕان، کچە گوتی:

«پێکەوە کتێبەکە دەخوێنینەوە.»

هەر لەگەڵ ئەوەی مووچەکەی وەرگرت، کچەی داوەتی کۆنسێرتێک کرد کە لە یەکێک لە کڵێساکانی شاردا بۆ قوتابیان ساز کرابوو. بە زەحمەت توانیبووی دوو بلیت بکڕێ. زۆر خۆشحاڵ بوو.

کاتێک لە کڵێسا هاتنەدەر، کچە چاوەکانی تەڕ دیار بوون، پارچە مۆسیقای زۆر خەمناکی «مۆزارت» و «باخ» یان گوێ لێ بووبوو. بە کچەی گوتبوو:

«چ شتێک گریاندی؟»

ئەویش بە چاوانێک کە دەتگوت کۆتاییان نایە، لە چاوی ئەو ڕاما و بە سادەیی وەڵامی دابووەوە:

«بەختەوەری، ئەوەی کە بۆ یەکەم جار هەست دەکەم زیندووم.»

«ئایا لەگەڵ مندا بەختەوەری؟»

کچە لەبری وەڵامدانەوە، بە بیرکردنەوە تەماشای عەردەکەی کرد و بێدەنگ بووبوو.

ڕوحی ماخولیا ئاسای کچە ئەوی کەمەندکێشی خۆی دەکرد، لە ڕووبارێکی هێمن دەچوو کە کۆتاییەکەی لە ئەشکەوتێکی تاریکدا ون بووەو پیاوە دەیویست ئەو کۆتاییە بدۆزێتەوە. ئەو بەدوای ئەو کۆتاییەدا دەگەڕا.

«لەسەرزەمینی من هەتاو دەدرەوشێتەوە، بەڵام ڕوحی ئێمە لە تاریکیدا دەژی، ئێمە ساباتی ڕوحمانین.»

ئەوە یەکەم قسە بوو کە دەربارەی ڕۆژهەڵات و هەتاو لە دەمی کچەی بیستبوو. حەزی دەکرد ڕۆژێک بۆ ئەوێ سەفەر بکات، بەڵام ئەو قوتابییەکی هەژار بوو.

هەندێک جار بە ئومێد و یەقینەوە تەماشای خاڵی بەرانبەری دەکرد و هێڵەکانی سەر ڕوومەتی دۆخێکی جیددی و پێداگرییان وەردەگرت. هەر لەو بارەیەوە بە کچەی گوت:

«بەم زوانە تەواو دەبێت، دوو ساڵ، تەنیا دوو ساڵی دی ماوە.»

لەگەڵ خەندەی پڕ مانا و نیگا خەماوییەکانی ئەو ڕووبەڕوو دەبووەوە، کە تەواوی ڕۆژەکە بەرانبەری دانیشت. دەتگوت وێنەکەی لەسەر دیواری بەرانبەری نەخشی گرتبوو. سێ مانگەی هاوین پێکەوە بوون و یەکترییان خۆش ویست. کچە وێنەی دەکێشا و ئەویش بە خێرایی وانەکانی دەخوێند. تاقیکردنەوەکان نزیک بووبوونەوە. دوای

سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەکان، ئاهەنگێکی خنجیلانەی سازکرد و بۆ یەکەم جار لەو ئاهەنگەدا کچەی ماچ کرد. کچە ئەو شەوە پێی گوتبوو:

«من هی تۆم، ڕەنگە هەتا سبەش زیندوو نەبین...»

لەتاوی وەبیرهاتنەوەی ئەو شەوە لەرزی هاتێ. ئەو شەوە تاڵەمووە ڕەشەکانی قژی کچە کەوتبوونە سەر گوڵی فەرشەکە و پشت لێوی و ناوچاوانی ئارەقەی کردبوو، چاوەکانی لە تاریکیدا شەپۆلیان دەدا، وەکوو دەریایەکی شێت شەپۆلیان دەدا.

هەر وا کە سەری لەسەر کۆشی ئەو بوو، نیگای لە هەوادا دەسووڕایەوە. بە هێواشی گوتی:

«ئێستا حەتمەن لەوێ بەهار هاتووە؟»

ئاگرەکە لە سۆپاکەدا بڵێسەی دەدا، بایەکە دەرگاکانی پێکدادەداو لە ڕاڕەوەکاندا دەیلووراند و سات بە سات توندتر دەبوو. سووراییی ئاگرەکە لە چاوانی کچەدا تیشکی دەدایەوە، سەری بەرەو لای تاریکی وەرسووڕاند، دەنگی وەک ئەوە دەچوو لە شوێنێکی دوورەوە بێت.

لە باکوور و باشوور نێرگز ڕواوە. بۆنی خاکی تەڕ هەموو جێگایەکی پڕ کردووە. ئەو نمەبارانەی کە دەباری، کێوە تەنیاو تەریکەکان تەڕ دەکات. منداڵە بچووکەکان لە پشت پەنجەرەکانەوە دادەنیشن و لە هەموو شتێکدا، لە چاوەکان، لە دەستەکان، لە پێکەنین و لە گڤەی با، لە جووڵەی لکوپۆپی دارەکان، ئاوازی باڵندەکان و ڕووناکی هەتاودا، شێوەزایەکی چاوەڕوانی شیرین هەیە.

ساتێک وەستاو دواتر بە دەنگێکی گڕ گوتی:

«دەبێ بڕۆم.»

ئەگەر دایکی بمابایە، دەیتوانی لەوێ بمێنێتەوەو درێژە بە خوێندنەکەی بدات، بەڵام ئێستا... برا بچووکەکانی چییان دەکرد، ئەوان تەنیا بێ سەرپەرشت بوون، دەبوو بچێتە لایان، ماوەیەک بیری کردەوە، ئەوانیش دێنمە ئێرە بۆلای خۆم.

بەڵام یەکسەر بە نائومێدییەوە پێکەنی. ئەوان هیچ سامانێکیان نەبوو، ژیان لە وڵاتێکی بێگانەدا ئەستەم بوو. تەماشایەکی پیاوەکەی کرد:

«دوو ساڵ، دوو ساڵی دیکە، ڕەنگە هیچ کاتێکیش.»

لە بن لێوانەوە گوتی:

«ڕێگەی ئێمە لێرە لێک جیا دەبێتەوە، من خۆشم دەوێ.»

چاوی بە شان و قۆڵ و بازوو و قژی پیاوەکەدا گێڕا، کە لە پەنا ئاگرەکە دەدرەوشایەوە. لەناو قۆڵ و بازووەکانیدا هەستی بە عەشق کردبوو. پێڵووەکانی بەهۆی نەشەیەکی ماتەوە قورس بووبوون و کەوتنەسەریەک. لە چوارچێوەی دیواری ژوورێکی سارددا گەیشتبووە دوا کڵپەو هەژانەوە... کەوتە حاڵەتێکی سستی و هێوربوونەوە. سێبەرەکەی کەوتە سەر دیوارەکەی بەرانبەری، دەتگوت دەستەکانی لە هەوادا بەدوای شتێکدا دەگەڕێن.

«ئێمە پێکەوە بەختەوەر بووین.»

کچە گوتی:

«نا، ئێمە پێکەوە ژیاین، ئەوە زۆر جوان و دەگمەنە.»

«ئەو ڕۆژەی هاوینت لەبیرە کە چووین بۆ «واڵشن زە»؟ ئەو ڕۆژە وەک ئەوە وابوو کە خۆر گەرمی خۆی ڕژاندبێتە نێو تۆوە.»

بزەیەکی شیرین کەوتە سەر لێوی کچەوە و پەنجەکانیشی هەر وا لەنێو قژی پیاوەکەدا بەم لا و ئەو لادا دەچوون.

«کاتێک گەڕایەوە دیسان هاوینێ دەچینەوە کەنار دەریا. ئەم دوو مانگە کار دەکەم، پارەی

باشمان دەبێ بۆ ئەوێ، ئای خوایە گیان بیری لێ بکەوە، بە ڕۆژ لە کەنار دەریا دەبین و شەوێش لە دارستان دەمێنینەوە.»
کچە هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:
«بەڵێ، دەچینە کەنار دەریا، بەڵام باسی مەکە لەوانەیە ئاوی دەریا وشک بکات، یان دەشێ دارستان گڕ بگرێ، ڕەنگە من و تۆش...»
بە خەمناکییەوە پێکەنی و گوتی:
«بەڵام خۆ ئێستا من و تۆ هەین، هەر هەمان سات... بەیانیش دەڕۆم، لەبیرت چۆتەوە؟»
کە لەسەر کورسییەکە دانیشت، وەکوو ماسییەکی بچکۆلە لە نێوان بازووەکانیدا خزی، هەردووک لە پەنا سۆپاکە و لەسەر عەردەکە ڕاکشان.
سێبەرەکانیان لەسەر دیواری بەرانبەر لەژێر وێنەی مریەمی پاکیزەدا دەرکەوتبوو. ئاوێزانی یەکتر بووبوون، هەوڵیان دەدا ئەو زەردەخەنە پاکیزەیەی ناو چوارچێوە زێڕینەکەش، وەک ئەوەی لە ئەبەدییەتدابێ، شەپۆلی دەدا.
کچە بیری کردەوە:
«ئەوە دوا جارە.»
پیاوەکە لە بێدەنگیدا ورتەیەکی کرد:
«هەموو هاوینەکانی ژیانمان، هەموو هاوینەکانی ژیانمان...»
لە بەرانبەر چاوەکانیدا شەپۆلەکانی دەریا سەمایان کرد و کۆمەڵی قەلەڕەشەکانی بینی کە بەسەر دارستانی دار کاژەکاندا هەڵدەفڕین.
«دەگەڕێیەوە، یان نا؟»
بۆ سەدەمین جار دەیویست گوێی لە وەڵامی پرسیارەکەی بێت، کچە هەوڵی دەدا وێنەی چاوەکانی کە بە بەردەوامی چاوەڕوانی وەڵام بوون، لە بیرەوەریدا بهێڵێتەوە.
«بەڵێ دەگەڕێمەوە، دوو مانگ هیچ نییە... هەر چاوتروکانێکە.»

ڕووی وەرگێڕا و کەوتە ناو دەریای خەم و خەیاڵەوە.
«هەموو شتێک کۆتایی دێت، هەموو شتێک... ژیان چییە؟ وازهێنان و ڕۆیشتن، وازهێنان و ڕۆیشتن بۆچی...؟»
سەعاتی سەر دیوارەکە دە جار لێی داو پشیلەیەکی ڕەش کە لەسەر نوێنەکان ڕاکشا بوو، بە چاوە سەوزەکانییەوە لە تاریکیدا لە وانی دەڕوانی... چێژ، بیلبیلەی چاوەکانی ماندوو و پێڵووەکانی قورس کردبوون. تاڵە مووە ڕەشەکانی کیژە لەسەر گوڵی فەرشەکە بڵاوبووبوونەوە، قولەپێی وە ئازار کەوتبوون.
پشیلە ڕەشەکە بە هێواشی بە لایاندا تێپەڕی، بۆنی بە جەستەیانەوە کرد، کەمێک ئەولاتر لە کاتێکدا پشتی چەماندبووەوە، خۆی لە دەرگاکە هەڵسوی.
لە دەرێ بای دەهات، ئاسمان زۆر تاریک بوو، لکی سنەوبەرەکە لە شووشەی پەنجەرەکەی دەدا.
«دوای سەعات دە، ئایا کەسێک میوان ڕادەگرێ؟»
کابرا دەنگی کپ و لەرزۆک بوو:
«ئەمشەو لام بمێنەوە کەس نازانێت. پاسەوانەکەش خەوتووە. هەر ئەمشەو...»
بە قامکە درێژەکانی دەستی بەسەر دەم و چاوی پیاوەکەدا هێنا. چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون و شەپۆلیان دەدا.
هەر ئەمشەو، هەر ئەمشەو، دوایی چی ڕوودەدا؟ کەس نازانێ. کۆتەرەدارێک لە سۆپاکە بە دەنگێکی وشک گڕی گرت، ئەو بڵێسەیەی بەرز بووە بۆ ساتێک دیوارەکەی بەرانبەر و وێنەکەی مریەمی پیرۆزی ڕووناک کردەوە.

سەرچاوە:
کتێبی: (شناخت نامە فروغ فرخزاد) گرد اورندە: شەهناز مراد کوچی. چاپ اول انتشارات نشرە قطرە- ١٣٧٩.